# وەلامێك بۆ سەرنجەكەی دۆستی بەڕێز دڵشاد كریم

ڕێبوار عارف

بەڕێز دڵشاد كریم لە بەرواری ٢١ / ٦ / ٢٠٠٢ لە سایتی كوردستان نیت دا بابەتێكی بەناونیشانی ( (سەرنجێك لەمەڕ نووسینەكەی بەڕێز ڕێبوار عارف) ) دا بلاوكردەوە، كە ئەم بابەتە لەپەیوەند بەوتارێكی ئێمە بوو كە لە بەرواری ١٦ / ٥ / ٢٠٠٢ دا بەناونیشانی (لە پەراوێزییاداشتەكەی كۆمیتەی بەگەرخستنی هەوڵەكان بۆ دادگای كردنی تاوانبار نزار خەزرەجی) بلاوكرایەوە.

لێرەدا لەگەڵ دەست خۆشی بۆ بە دواكەوتنی ئەو بابەتەو سوپاس بۆ بەرز نرخاندنی دەوری فیدراسیون وەك ڕێكخراوەكی ئینسان دۆست ، بەتایبەتی كارەكانی لەمەڕ دادگایكردنی نزار خەزرەجی تاوان بار. . . هەوڵ دەدەم لێرەدا بەكورتی وەلامی سەرنجەكانی بەڕێزیان بدەمەوە. خالی جەوهەری سەرنجەكەی بەڕێزیان دەكرێت بووترێت، چۆنیەتی خوێندنەوەی هەلۆیستی ئێمەیە لەپەیوەند بە یاداشتەكەی دۆستانی كۆمیتەی بەگەڕخستنی هەولەكان بۆ. . . ، لەم بارەوە لەگەل سەرنجەكانیدا هەندێ نیگەرانی تایبەتی دەربڕیوە لەچەند پەرەگرافێكدا كەمن هەوڵ دەدەم لەگەل خستنە ڕووی بەشێك لەو مەسەلانە وەلامێكی كورت بەم بەڕێزەمان بدەمەوە. كاكە دلشاد بەم شێوە ڕوومان تێ دەكات: ( (بەڕێزیان دەستیان بۆ ڕۆڵی وولاتە یەكگرتووەكان درێژ كردوە لە پاش جەنگی جیهانی دوو هەمەوە تائەمرۆ، وە كۆمەلێ لایەنیان لەسیاسەتی وولاتە یەكگرتووەكان خستووەتە روو كە بۆ هەموو كەسێك ئاشكرایە ئەگەر تەنها گوێی لە دەنگ وباسی ئێستگە جیهانیەكان گرتبێ، . . . . بۆیە ئەمرۆ بەداخەوە ئەوە بە ئیكتشاف لە قەلەم نادرێت.) ) دۆستی بەڕێز گرێ كوێرەی هەلۆیستی ئێوە لەم بارەوە لەوەدایە كە خۆشتان دەزانن جێگەو ڕێگەی ئەمریكا چیەو تازە لە بارەی ڕوون كردنەوەكەی ئێمەش لەو بارەوە بە ئیكتشافێكی نوێ نازانن كە كەسیش ئەو ئیدعای نەكردووە ، بەلام ڕیشەی جیاوازی خوێندنەوەكانی ئێمە و ئێوە لەم بارەوە لەوەدایە، كە ئێمە حكومەتێك كە خاوەنی وەها كارنامەیەك بێت كەباسمان كردوە، نەك هیچ چاوەڕوانی یەكمان لێ نیە بەلكو پەردە لە ڕووی تاوانەكانی هەلدەدەینەوە، ناكرێ حكومەتێك خاوەنی وەها كارنامەیەك بێ و خۆشی بەرنامەی بەكارهینانی ئەنفال چیەكانی هەبێت ، كەچی لەپڕ ئاوڕێك لەبەرەی ئیسانی یەت و ئینسانی دۆستی بداتەوە لە بریارو نەخشەكانی خۆیان پاشگەزبنەوە. بەلام ئێوە باز بەسەر هەموو ئەمانەدا دەدەن و نەك هەر داوای پشتگیری كردنیان لی دەكەن ، بەلكو بەهاو حورمەتی بەشەریەت لە گرەوی هاوپشتی كردنی ئەم حكومەتانەدا دەبینن بۆیە دەلین : ( (. . . بۆیە داواتان لێ دەكەین كە لەڕوانگەی بەها بەرزەكانی مرۆڤایەتی وخودی ئەو دروشمانەی ولایەتە یەكگرتووكانی ئەمریكا بەرزی كردوتەوە و بانگەشی بۆ دەكات تا لەسەرتاسەری جیهان سەقامگیر بێ وپیادە بكرێت، كەخۆی لە (ئاشتی، ماڤ مرۆڤ ، ماڤ دیاری كردنی چارەنووس، دیموكراسی، كۆتای هێنان بە ڕژیمە دیكتاتوریەكان وهتد) دەبینێتەوە پشتیوانی وهاوكاری هەول و داواكاری یەكانمان بكەن سەبارەت بە دادگای كردن و بەسزا گەیاندنی ئەو تاوان بارانەی بەشدارو ڕۆلی گەورەیان هەبووە لەئەنجامدانی تاوانەكانی كیمیابارانی كوردستان و ئۆپراسیۆنی ئەنفال دژی گەلی كورد، تا بەهۆی دادگایی كردنی ئەو تاوانبارانە چارەنووسی ئەنفال كراوەكانی بۆ گەلی كورد و ڕای گشتی جیهان ئاشكرا بێت.) ) .

لەلایەكی ترەوە هەقی خۆمانە بلێن ئەگەر ئێوە ئەو ڕوونكردنەوەی ئێمە بە ئیكتشاف نوێ نازانن و شاهیدی حالی ئەو ڕاستی یەن كە ئێمە ئاماژەمان پێ كردوە، ئەی چۆنە كە دەلێن ( (پێمان وایە ولایەتە یەكگرتووكانی ئەمریكاو ئەورووپا ئیستا لە هەمووكات زیاتر پەرۆش و سەرقالی كۆتایی هێنانە بەمەینەتێكانی خەلكی عیراق

ئەویش بە گۆڕینی ڕژێمیٚ دیکتاتوری سەدام حسین لەعیراق داو دامەزراندنی ئیدارەیەك كە بتوانێت دیموکراسی و ئازادی بۆ گەلی عیراق مسۆگەر بکات و لەسایەیدا ماڤی مرۆڤ و ماڤی کەمینە نەتەوەییەکانی تر پارێزراو بێت. .) ) . جا ئەگەر ڕستەیەکی لە چەشنەی کە بەریزتان بەکاکلی یاداشتەکەی دەزانن زیاد بکریت : ( (هەڵبەتە ئەوەش بە کەسێکی وەك نزار خەزرەجی نایەتە دی) ) ، هیچ لە قورسای و پارسەنگی کارنامەی ئەم حکومەتە ناگۆڕیت کە هەنگاو بە هەنگاوی سیاسەت و ئامانج و پرۆژەکانیان خۆتان واتەنی دەبێت لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بێت.

حکومەتیك کە نەخشەی گۆڕینی صدام حسینی سەرۆکی بەعس و حکومەتی عیراقی هەبیت بۆ جێگۆرکیٚ پێ کردن بە فاشیست و ئەنفالچی یەکی وەك خەزرەجی ، ئایا بەراستی جیگەی ئەو چاوەڕوانی و پیاهەلدانەی ئێوەیە ؟

بەریزیان دەڵێ. . . ( (یاداشتەکە شێوازێکی گلەی بەخۆیەوە دەبینیٚ کە دەست بۆ ئەوە درێژ دەکات کە وولاتە یەکگرتووەکان کۆمەلیٚ دورشمی بەرز کردوەتەوە وە بە پێچەوانەی ئەو دووروشمانە لەوانەیە بەنیازی بەکارهینانی تاوانبارێکی وابێ لە دیاری کردنی چارەنوسی عیراقی داهاتوودا.) ) ئایا بەراستی بۆ حکومەتیك کە لە سەرەتای کارەساتی ١١ سیپتەمبەرەوە دەڵێت ( (ئەوەی لەگەل ئێمە نییە لەگەل تیرۆریستەکانە) ) ، حکومەتێك کەئەمرۆ بۆ ڕازی کردنی دڵی شارون خوازیاری لابردنی عەرەفاتەو بوونی هەر جۆرە حکومەتێکی فەلەستین لەگرەوی بردنە پێشەوەی سیاسەت و بە دوا چوونەکانی بۆشدا دەبینێتەوە ، ئێوە بە تەمان بە شیوازی گلەی کردن پاشەکشەی لە بەکار هینانی نزار خەزرەجییەکان بکەن ؟ ئایا بەڕاستی ئەم خۆشخەیالی یەی ئێوە لەبەرژەوەندی ئەو کەمپینەدا کە تائیستە بەرادەیکی زۆر خۆتان بۆ ماندو کردووە و مایەتان لەسەر داناوە ؟

بەرێز دلشاد دەڵێت : ئەو دەقە سیاسەتی کەسی پەسەند نەکردوە وە سیاسەتی کەسیشی ڕەد نەکردوەتەوە، تەنها داواکاری یەکی خستووەتە ڕوو. . . . ( (ئەو دەقە مەبەستە لە یاداشتنامەکەیە – لە لایەن ڕێبوارەوە) ) . سەیرە کۆمیتەی هەوڵەکان. . . بۆ خستنە ڕووی یاداشتەکەی خۆی وە گەیاندنی کاکلەی قسەکەیان لە یەك ڕستەدا ، زیاتر لە نیوەی یاداشتەکەی بە پیاهەلدان و ستایشی کەم وێنەی حکومەتەکانی ئەمریکاو غەرب ڕازندوەتەوە ، کەچی هێشتا ئەم دۆستەمان دەڵێت ئەو دەقە سیاسەتی کەسی قوڵ نەکردوە. . . ، !! ؟؟ یا ئەوەش لەو لاوە ڕابووەستێ کە ئەو گلەییەی ئێوە دەیکەن بە زمانێکی دۆستانە ، یانی ڕەد کردنەوەی هەنگاوێکی ئەمریکا ، ئیتر چۆنە ڕێگە بە خۆتان دەدەن کە بڵێن ئەو دەقە سیاسەتی پەسەند یان ڕەد نەکردوەتەوە ؟ !

بۆیە مەخابە تا کاتێك کە ئەمە هەلۆیستی کۆمیتەی بەگەرخستنی هەولەکانە. . . نە من و نە هیچ کەسیکی تر باوەڕ ناکەم ئەو چاوەڕانیەی هەبێت کە بچنەوە بە گژ غەرب و ئەمریکادا لەمەش بەدەر دیارە ئەم کومیتە بۆ ئامانجێکی دیاری کراو پێك هاتووە ، بەلاّم قسەکە ئەوەیە کە بە بێ پیاهەڵدانی غەرب و ئەمریکاش دەتوانیت کارو هەلسوران و کەمپینی خۆی درێژە پێبدات. هەروەك لە وتارەکەی پیشودا ووتوومانە ( (بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەگەر تەنها بۆ یەك جار بوویبت بەخۆتاندا بچنەوە با لە شانازی کردنی بەشدار بوون بۆ دادگای کردنی سەرانی بەعس دانەبڕێن. کە تەنها ڕێگەی بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە لە گرەوی هەلخرانی و هێنانە پشت سەری هەر حیزب و لایەنێکی ئینسان دۆست و گەیاندنی دەنگی ستەم لیچووانی ئەنفال و هەلەبجەیە بە بیراری

www.kurdistannet.org

گشتی جیهان و نیشان دانی جەستەی پڕ زامیانە وەك سەرەکی ترین دۆکیومەنت) ) کە ئەمڕۆ دەبینین بەو شێوەیە حکومەتی دانیمارك بەڵێنی دادگای کرنی ئەم تاوان بارە فاشیستە بدات.

لە پەراویزی ئەم وەلامەدا دوو تیبینی بۆ بەرێز دلیشاد کریم :

دۆستی ئەزیز پیم باش نەبوو لەبەر کەم ڕەنگ نەکردنەوەی سەرنجەکانی ترتان ئەم دوو تیبینیە پێشتر زۆر بەرجەستە بکەمەوە ، بەلام جێ خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین و بلێین چۆن و پشت بە ستوو بە کام و چ ڕستەو پەرەگرافێکی وتارەکەی ئێمە دەلێن : ( (بەرێزیان دەستیان بۆ ڕۆلی وولاتە یەکگرتووەکان درێژ کردوە لە پاش جەنگی جیهانی دووهەمەوە تا ئەمڕۆ ( (کەپیشتر خەتی سوورم بە ژیردا هیناوە) ) ، بەڕاستی بەکارهێنانی ئەم ڕستە بێ پشتیوانە ئەگەر تەنها ڕستەیەکی بە ڕێکەوت ڕاگەیەنراوی ناو نوسینەکەتان بوایە پێم وانەبوو پێویستی بەمایە لەسەر دانان و ڕوون کردنەوە هەبووایە، بەلام کاتێك کە دەنووسیت : ( (بەرێز عارف ناتەبایی هەبێ لەگەل کۆمەلەیەك کە کاتی خۆی تەشهیرو جنویشیان پێداوە. . وەك خۆی دەلی. وە ئەو نووسینەش وەلامێك بێت بۆ ئەوان. . . .) ) ئەمەیان ئیدی خەتایەو سنووری هەموو ویژدان و پرانسیپیکی ڕۆژنامەگەری دەبەزێنێت و هەر وەك چون باسەکانی ترتان پشت بەستووبوو بە پەرەگراف و ووتارەکەی ئێمە نەدەبوو بەهەر دەلیلێك ، ڕستەو پەرەگرافیکی دروست کراو بەناوی ئیمەوە ڕابگەیەنن و تازە حوکم و ئامۆژگاری خۆشتانی لەسەر بنیاد بنین.

بۆیە بەهیواین سەرباری پەنانەبردن بۆ ڕەوشتی لەو چەشنەو لکەدار نەکردنی نووسین و بابەت و سەرنجەکانتان ، ئامانەتی و دەست پاکی لە قەلەم و خستنە ڕووی هەلوێستی دیگەران بپارێزن. بە پیویستم زانی یەکجاری تر دەقی هەمان وتار بلاو بکەینەوە تا هەم ئیوە بەخۆتاندا بچنەوەو هەم خوێنەرانیش ڕووشنتر لە ڕاستی یەکان تێ بگەن !

٤ / ٧ / ٢٠٠٢

---

لە پەراوێزییاداشتەکەی کۆمیتەی بەگەرخستنی هەوڵەکان بۆ دادگای کردنی تاوانبار نزار خەزرەجی

کۆمیتەی بەگەڕخستنی هەوڵەکان بۆ دادگای کردنی تاوانبار نەزار خەزرەجی ، لە سەرەتای ئەم مانگەدا یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکاو یەکیتی ئەورووپا کردوە، کەئەم یاداشتنامەیە ١٩حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و نیهادو ریکخراوی پیشەی ئیمزای کردووە. هاوکات هەمان یاداشتنامە بۆ هەندیك ڕێکخراو لایەنی تر نیراوە ، یەکیك لەو لایەنانە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقیە. وە دواتریش لە ریگەی پەیوەندی ڕاستەخۆوە خوازیاری وەلامدانەوەی فیدراسیون بوون بەم یاداشت نامەیە. سەرەتا ئەوە بلێن کە هەر هەول و تێکوشانێك بۆ دادگای کردنی نزار خەزرەجی وسەرانی حکومەتی بەعسی فاشیست لەلایەن ئێمەوە جێگەی پێشوازی و ڕیزلێنانەو وەك هەنگاوێکی بەهاو مەزن و ئینسانی لەبەرچاو دەگرین. بۆیە ئەگەر ناردنی ئەو یاداشتنامەیە تەنها هەنگاویك بووایە بۆ عەمەلی کردنەوەی کیشانە پای دادگای‌کردنی سەرانی حکومەتی‌بەعس، ئەوەدەکرا بەشێوەیەکی تروەلامان بدایەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کەهەموو لایەك دەزایێت کە مەسەلەی دادگای کردنی نزار خەزرەجی لەڕاستی دا یەکێك لە کەمپینە جدی و گرنگەکانی فیدراسیونە کە لەم بارەوە ئارشیفیکی دەولەمەندو هەمەجۆرمان هەیە بەرادەیەك کە تائیستا زیاتر لە ٦٠ حیزب و ڕیککخراوی سیاسی وپیشەی وئینسان دۆستمان هیناوەتە پشت داخوازی دادگای کردنی نزار خەزرەجی. بەلام وەك دەبینن ئەم یاداشت نامەیە لەگەل پیهەلدانیکی کەم ویندا ئاراستەی لایەنیك کراوە کەخۆیان بۆ هەرئالگۆڕیکی دلخوازانەی خۆیان لەعیراقدا، یەکێك لەوکەسایەتییە بایەخدارانەی

کەسەرمایەی لەسەر دادەنێن خۆدی خەزرەجی و خەزەرجی یەکانی ترە ! ئەم یاداشت نامەیە ئاراستەی حکومەتیك کراوە کەبۆ خۆی تیرۆریستێکی دەوڵەتی ودکتاتۆرێکی زلهێزە. بۆیە لەم بارەوە ئیتر خستنە ڕووی ئەم یاداشتنامە لەقەلەم دانی حکومەتی ئەمریکا بە بڕبڕە پشتی هێزی پشتگیری کەر لەئازادی ودیموکراسی وئینسان دوستی. . . سنووری مەبەستی خواستی دادگای کردنی سەرانی حکومەتی بەعس دەبەزینیت ودەبێت بە شێوەیەکی وردو ووشیارنەتر مامەلەی لەگەلدا بکریت.

لایەنێکی تری ئەم یاداشت نامەیە لەوەدا خۆی دەبینیتەوە کە هەروەك ووتمان ١٩حیزب ولایەنی سیاسی وپیشەی ئەو یاداشتەیان ئیمزاکردوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی بزانین هیواو ئاستی چاوەروانی ئەم لایەنانە چییەو چۆنە بۆ دامەزراندنی عیراقیکی دیموکرات و ئازادخواز وئینسان دۆست ؟! ڕەنگە دۆرستر وابیت کە بۆ چوونە نیو باسەکە چەند پەرەگرافێکی یاداشتنامەکەی ئەم بەریزانە بهینینەوەو پاشان ڕونکردنەوەی خۆمانی لەسەر بدەین، بۆیە پیمان باشە لیرەوە دەست پێ بکەین. ( (. . . بۆیە داواتان لیٚ دەکەین کە لەڕوانگەی بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی وخودی ئەو دروشمانەی ولایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا بەرزی کردوتەوە و بانگەشی بۆ دەکات تا لەسەرتاسەری جیهان سەقامگیر بیٚ وپیادە بکرێت، کەخۆی لە (ئاشتی، ماف مرۆڤ ، ماف دیاری کردنی چارەنووس، دیموکراسی، کۆتای هێنان بە ڕژیمە دیکتاتوریەکان وهتد) دەبینێتەوە پشتیوانی وهاوکاری هەول و داواکاری یەکانمان بکەن سەبارەت بە دادگای کردن و بەسزا گەیاندنی ئەوتاوان بارانەی بەشدارو ڕۆلی گەورەیان هەبووە لەئەنجامدانی تاوانەکانی کیمیابارانی کوردستان و ئۆپراسیۆنی ئەنفال دژی گەلی کورد، تا بەهۆی دادگایی کردنی ئەو تاوانبارانە چارەنووسی ئەنهال کراوەکانی بۆ گەلی کورد و ڕای گشتی جیهان ئاشکرا بێت. پێمان وایە ولایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکاو ئەورپا ئیستا لە هەمووکات زیاتر پەرۆش و سەرقالی کۆتایی هێنانە بەمەینەتێکانی خەلکی عیراق ئەویش بەگورینی ڕژێمیٚ دیکتاتوری سەدام حسین لەعیراق داو دامەزراندنی ئیدارەیەك کە بتوانێت دیموکراسی وئازادی بۆ گەلی عیراق مسۆگەر بکات ولەسایەیدا ماف مرۆڤ ومافی کەمینە نەتەوەییەکانی تڕپارێزراوبێت. ) ) سەرەتا پێویستە ئەوە بلین کەخستنە ڕووی یاداشتنامەیەکی لەم چەشنەی کەلیواولیو پیاهەڵدان وستایشکردنی ئەم حکومەتانەیە بەرلەهەر شتیك نیشاندانی چرا سەوزی دلسوزی و وەفاداری ئەو لایەنانەیە بۆ سیاسیەتەکانی ئەم حکومەتانە لە ناوچەکەدا. لەمبارەوە دەکریت ئاوڕ لە ووشە بە ووشەی ئەم دوو پەرەگرافە ورد بیەوەو هەلویست بگرین، بەلام ئەوەی کە دەکریت لەپەراوزی ئەم باسەدا گرنگی یەکی زیاتری پێ بدریت چەندخالێکی سەرەکی یە کەسەرنجتانی بۆ رادەکیشین: سەرەتا ئەوە بلین کە چەمکی ماف مرزڤ بۆ حکومەتی ئەمریکا پاش شەڕی جیهانی دووهەم ، چەکێکی پڕ بایەخی سیاسی بوو بۆ سوود وەرگرتن و ڕاوەستانەوە دژ بە بلۆکی شەرق و ژێر پێ خالی کردنی ئەو جەمسەرەی کە ڕقیبی دەورانی شەری سارد بوو. وەبەکردەوە لەمرۆشدا باسی‌مافی‌مرۆڤ بۆئەمریکا و مسیلەیەکە کەخۆیان ئازادن لەوەی لە کویداو بۆ چ مەبەستێك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەبەرامبەر چ حکومەت و لایەنێدا بەکاری دەهێنن. لەم وولاتانەدا دەورانێك هەلاتنی سەربازێکی ڕووسی دەبووە جێگەی هات وهاوری دامودەزگا تەبلیغاتی یەکان ونیشان دانی بەڵگەیەکی گەورە بۆ نەبوونی ئازادی ومافی مروڤ و. . ، ئەمڕۆش کەمافی مرۆڤ لە رووسیادا دەکرێت بووتریٚت نیوسەدە چووەتە داوەو بێ دەگی ئەم حکومەتانە بالی بەسەردا دەکیشاوە. " ئاخر ڕووسیا هاوسەنگەری حکومەتی ئەمریکایە بۆ ڕاوەستانەوە دژ بە تیرۆریزم و ئومیدیش دەکریت ، ئەو قوتبەی دوێنی ئەمرۆ ببێتە ئەندامی" NATO" بۆیە دەبێت بلین ئازادی و ئینسانی دوستی هەر وادەبیت هەر ئەوەیە کە لە ڕووسیا بەرقەرارە. لە ڕوانگەی ئەمریکاوە سعودیە و. . . کویت کە ژنان وەك نیوەی کومەل لەمافی دەنگدان بێ

بەهرەن و نەك هەر ئەمە بەڵكو هەڵسوڕاوانی بەرگری کەر لە ماڤ ژنان تێدا تیرۆر دەکرێت ، بەلام کویت وولاتیکی لە ڕوانگەی ئەم ئاغایانەوە پێشکەوتووخوازو ئینسان دۆستە. جێگەی خۆیەتی لەم بەڕێزانە بپرسین کە کام دکتاتوری دنیا هەیە کە بە پشتیوانەی ئەمریکا و بەریتانیا و ئەم وولاتانە نەهاتبێتە سەر حوکم ، مەگەر هێنانە سەرکاری شاە وپینوشە. . . بە پشتیوانەی ئەوان نەبوو، مەگەر سەدام حسین بەپشگیری ڕاستەخۆی بەریتانیا نەهاتە سەرحوکم؟ چاوەروان ناکرێت لەو حیزب ولایەنانەی کە دەم لە بوونی دیموکراسی لەئایندەی عیراقدا دەکوتن بە پشتیوانەی ئەم حکومەتانە، لایەنی کەم ئاگاداری هاتنە سەرکاری ئەم دیکتاتوری ئەمرۆی بەغداد نەبن کەچۆن لەڕێگەی پشتگیری کردنی حکومەتی بەریتانیاوە دەستەلاتیان بەدەستەوە گرت. چاوگیرانیك بە بیرەوەری یەکانی ( (جۆرج ریمنگتۆن جێگری یەکەمی بالوزیزخانەی بەریتانیا لەبەغداد لە ناوەڕاستی شەستەکاندا) ) ئەم ڕاستی یەمان بۆ دەردەخات ، ناوبراو لە بیرەوەری یەکانی دا کە ئێستە لە موزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە دان بەوەدا دەنێت کە چۆن بەریتانیا لە پشت تیروری عبدولکریم قاسمەوە بوو وەچۆن وە بۆ پشتیوانەیان لە سەدام حسین کرا بۆ بەدەستەوە گرتنی دەستەلات لە عیراقدا.

بەراستی ئەگەر هەر لایەنێك وەها لێکدانەوەیەکی نادروست و فەریودەرانەی بخستایەتە ڕوو، بەقەد هەڵەی ئەم دۆستانە گەورە نەبوو، کەخۆیان خوازیاری قەرەبووکردنەوەی زەرو زیانەکانی کارەساتی هەلەبجەن لە حکومەتی ئەلمان ، چونکە ڕوداوە کانی کیمیای بارانی هەلەبجەو شارو شاروچکە کانیتر بەشێکن لەسیمای ئەو تاوان و وەحشی گەریانەی کە سەدام حسین بەپشتیوانی چەکە کۆ کوژیەکانی ئەم وولاتانە ئەنجامیدا، کە ئیستە بۆ هەندێ لەم لایەنانە بووەتە ڕەوزەنەی ئومید. بانێکەو دوو هەوا هەر دوێنی هەندێ لایەن وکەسایەتی کەمپنی ئەنفال وهەڵەبجەو ئەم لایەنانە، ئێمەیان بەوە تاوان بار دەکردو تەنانەت تەشهیرو جنویشیان دپێ‌دەداین و. . کە لە لێدانی حکومەتی تالباندا، لایەنگریمان لە ئەمریکا کردوەو چاومان لەئاست دەست درێژی وشەر خوازی ودیکتاتوریەتی ئەمریکا نووقاندوە ، بەلام ئەمرۆ ئەو کەسانە خۆیان هیچ سنووریك ناهێڵنەوە لە ئاست ستایش و پیاهەڵدانی هەمان حکومەتی ئەمریکاداو ئەو وەحشی گەرو دیکتاتورەی دووینی دەبیتە ( (فەریشتەی نەجات) ) وبلندگۆی دیموکراسی وئینسان دۆستی لە دەست ئەواندایەو ئەمرۆ ئەوە ئەوانن کە بەشەری یەت لە " عدالەتی کومەلایەتی " بەهرەمەند دەکەن و لە سایەی میهرەبانی ئەم هیزە بەرگری کەرە لە مرۆڤایەتی، نەك هەر دادگاتی کردنی نزار خەزرەجی مسۆگەر دەکرێ، بەلکو تەنانەت خەلکی کورد بە "ماڤ چارەنووسی خۆی دەگات" !؟

## مافی دیاری کردنی چارەی نووس یا داسەپاندی بێ چارەنووسی ؟

بەر لە هەرشتیك هەر پرۆژەو بریارنامەکانی ئەم ووتانە تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە کێشەی خەلکی کوردەوە هەیە ئەگەر چی وا بەشیوە راستەخۆ باس نەکراوە ، بەلام لە ڕستیدا کێشەی هەموو ( (کەمینەکان) ) وخەلکی کوردیش تەنها لەبازنەی بەرژەوەندی خۆیان و بەراوردکردن و تەبای یان لەگەل حکومەتە دەستەلاتدارەکانی ناوچەکەدایە، بۆیە ئیتر هەر ادعایەك بۆ دیاری کردنی ماڤ چارەی خۆنووسی لە پاکانە کردنیك بۆشەرعی‌یەتدان بە پلە دوو هێشتنەوەی خەلکی کورد لەعیراق و ناوچەکەدا هیچی تر نی‌یە.

ئایا ئێوە وەلامتان چی یە بەوەی کە زیاتر لە ٤ میلون ئینسان هاوولاتی‌یانی پلە دوون و هێشتا ئەم چوار میلون ئینسانە لە چوارچیوەی وولاتێکدا بژین کە لەسەر بنچینەی عەرەب بوون دامەزراوە، هێشتا حکومەت وئورگانێکی نیونەتەوەی نەبیێت کە بەرگری لە مافە سیاسی و حقوقی ویەکانی ئەو خەلکە بکات ، هێشتا



www.kurdistannet.org

کۆمەڵگا لە ماف وئازادییە فەردی ومەدەنیەکانی خۆی بەهرەمەند نەبیت و ژنان لەسەر جیابوونەوەو ئیزدواجی ئارەزوومەندانە تیرۆر بکرین

ئەی کەواتە پیمان نالین کامەیە بریاردان لەسەر دیاری کردنی ماق چارەنووس ؟ ئیتر بێ دەنگی بوونی ئەمریکاو وولاتانی ئەورووپا لەبەرامبەر بە سەرکوت وستەم چەوسانەی خەلکی کورد لە کوردستانی تورکیاو ئیراندا با بووەستێت، کە ئەم بەرێزانە دەمیان بووتە تەلەی تەقوو لەبەرامبەریدا. مەگەر لە چەند دەیەی رابردو تا ئیستا حکومەتی تورکیا بە دردناترین شیوە خەلکی کورد سەرکوت ناکات ، ئەی هۆی چیيە نەزمی نوێی ئاغاکانی ئیوە رۆژیك لەرۆژان تەنها ووشەیەکی لەم بارەوە نەوتووەو نەك هەر ئەوە بەلکو حکومەتی تورکیا بووتە جێگە هیوایەکی لەرادە بەدەر گەورە بۆ بەراورد کردنی ئامانجەکانیان لەناوچەکەدا، بۆیە دەست ئاوالاکردنی حکومەتی تورکیاو بۆ سەرکوتی خەلکی کوردو بە تیروریست لەقەلەم دانی PKK تەنها گۆشەیەك لەو باجە کە بە حکومەتی تورکیا دەدرێت. روشنە بەرەسمی یەت ناسینی ماق دیاری کردنی چانووس تەنها کاتیك مانا پەیدا دەکات کە وەك چۆن پیکەوە ژیانی ئازادنە بەرەسمیيەت دەناسرێت بەهەمان شێوەش جیابوونەوە پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆش بەرەسمیيەت بناسیریت ، تا ئەو کاتە ئەو خەلکە ستەم دیدەیە بریار لەسەر ژیان و ئایندەی خۆی بدات. کە ئەمەش لە ئیستەی کوردستانی عیراق پاش زیاتر لە دەیەیەك سەرگەردانی سیاسی لەبارترین زەمینەی رەخساندوە بۆ پێهێنانیدەولەتیکی سەربەخۆ لەرێگەی بەرگوزارکردنی ریفراندومەیکەوە ، ئەمە مانای دیارکردنی ماق چارەنووسە نەك پیاهەلدانی ئەو لایەنانە.

ئەگەر ئەمرۆ ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بۆ وەفادار بوون بە پەیامی فریودەرانەی خۆیان و بۆ بەشداری کردن لە گۆشەیەکی دەستەلاتداریەتی دا تەنانەت بەنرخی هاوکاری کردن لەگەل حکومەتی ئەنفال وهەلەبجەشدابیت باکیان نیيەو ئەوان هەر گرەوی خۆیان بردوتەوە چونکە گرنگ ئەوەیە لە هەر ئایندەیەکدا لەگەل هەر لایەنیکدا بیت ئەوان بەشدار بن لە دستەلاتداریەتی دا.

بەلام لەراستیدا ئەوەی کەجیگەی نیگەرانی یە ئەوەیە کە نەدەبوو کۆمیتەی هەولەکان بۆ دادگایکردنی نزار خەزرەجی بچووبایەتە پشت وەها پلاتفورمیك کەبەکەمیك وردبوونەوە هەول وتەقەلای خۆشیان لەپەیوەند بەدادگای کردنی خەزرەجی دینیتەژیر پرسیار.

گەمارۆی ئابوری لەسەر عیراق ، چەکی کۆکوژیيە نەك رەمزی ئینسانی یەت.

دانانی گەرمارۆی ئابووری لە سەر وولاتان چەکیکی کاریگەر بووە بۆ بردنە پیشەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە چەند دەیەی رابردودا، هەر لە کوباوە بگرە تا نیکاراغوا تا ئیران وعیراق ولیبیاو سربیا. . . لە راستی دا ئەمرۆ پاش دەهەیەك درێژە پیدانی گەمارووی ئابوری لەسەر عیراق ، ئەگەر هەر رێبواریك بە شەقام وکولانانەکانی شارو شارۆچکەکانی عیراقدا تێپەرێت هەر لە نەبوونی ئاوی پاکی خواردنەوە تا داودەرمان و تا داخستنی سەدان قوتابخانەو مستەوسەف تا سەرهەلدانی جۆرەها نەخۆشی وەك سك چوون و کەم خوێنی کە بووەتە هۆی مردن و کۆ کوژی کردنی نەوەیەك لە مندالانی عیراق. کە بەپیی دواین راپۆرتەکانی ( یونیسف ، ریکخراوی تەندروستی جیهانی مانگانە ٦٠٠٠ منال بەهۆی گەماری ئابووری یەوە گیانیان لە دەست دەدەن.

تەسەوری کارنامەی ئینسانی ئەو حکومەتە بکەن کە ئەم حیزبانە بەلوتکەیئینسان دۆستی لەقەلەم دەدەن، بزانن مامەلەی دژ بەرێکخرایکی ئینسان دۆست چۆنە کە داو دەرمان بۆ مندارلانی عیراق دەنیریت. گرووپیکی ئینسان دۆست لە نیکاراغوای بەناوی (Voices in the Wilderness) چەندین سالە بەبێ رەزامەندی حکومەتی ئەمریکا داودەرمان و یاری مندالان دەنیریت بۆ مندلانی عیراق. لە پاداشتی ئەم یاسا شکاندنەدا

حکومەتی ئەمریکا ١٦٠هەزار دۆلاری نقدی سزایان دەدات. ئەمریکا یەکیك لەو چەکانەی کە چەندین دەیەیە بەدەستەیەوە بۆ مەلکەچ پێ کردنی نەیارەکانی خۆی لە ڕووی سیاسی یەوە ( (گەمارۆی ئابوورییە) ) ، لە سێ دەیەی گەمارۆی ئابوری لەسەر کوباوە بگرە تا وەلاتانی تری. . تا عیراق بەلگەی ئەم راستی یەن، مەگەر دانانی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەلکی عیراق نەبووتە هۆی پاشەکشە پێ کردنێکی مادی ومعنەوی بۆ سەر ژیان وگوزەرانی خەلکی عیراق مەگەر برسیێەتی وگرانی وهەژاری نەبووەتە سەرەکی ترین چەکی بەکۆمەل کوژی لە مێژووی دەستەلاتداریەتی بەعس لە عیراقدا ؟

مەگەر گەمارۆی ئابووری نەبووتە هۆی هەلۆشانەوەی زۆریك لەخزمەتگوزارەیی‌یەکان وبەرتەسك کردنەوەی ئاستی ژیان وگوزەرانی خەلکی وپەرپیدانی خرافەو کۆنەپەرستی وسەرکوت وچەوسانەوەی هەرچی زیاتری زیاتر لە ٢٠ ملیون ئینسان ؟

ئایا گیان لە دەست دانی زیاتر لەملیون ونیویك ئینسان لەعیراقدا بەهۆی بەردەوام بوونی گەماروی ئابوری یەوە، لەروانگەی ئەم بەریزانەوە بەچەکی کۆمەل کوژ ی لەقەلەم نادرێت؟ ئەگەر ویژدانی خۆمان بکەینە قازی، ئەوە دەبوو هەر بەوتاوانانە حکومەتی ئەمریکاش شان بەشانی حکومەتی بەعس دابنین لە بەکارهینانی چەکی کۆکوژیدا، نەك میدالی ئینسان دۆستی وپاریزەری ماف مرۆڤی لەبەروکیان بدرێ.

## گورینی رژێمی دیکتاتوری سەدام حسین لە عیراق ئامانجەکانی ئەمریکا

بڕیا ئەم بەریزانە بۆ خو قەناع کردنیان ئەوەندە زەحمەتیان دەکیشا کە لە سەرتای دەستەلاتداریەتی بەعسەوە تا ئەمرۆ، لە ئەزمەدارترین کاتەکاندا تەنها نموونەیەکیان دەهێنایەوە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە ئەمریکا خوازیاری رۆخانی حکومەتی بەعەس بووە، وەك رژیمیکی سیاسی کۆمەلایەتی. ئەگەر حافزەی ئەم دۆستانەش بەهۆی کارگەری گەمارۆی ئابورییەوە لاواز نەبووبێت ڕەنگە باش لەبیریان بیت، کە لە گەرماوگەرمی هەستان و راپەرینی خەلکی عیراقدا وبەتایبەت لە کوردستان، لەوساتانەی کە بەعس لەدواین پەلە قاژەی تەمەنی خۆی بەسەردەبردو لەبەردەم ساتەکانی گوربەگۆربووندابوو، حکومەتی ئەمریکا چۆن دەستی ئاوالە کرد بۆ سەرکوت وکوشتاری خەلکی کورد لەژیر ناوی (دەخالەت نەکردن لە مەسەلەی نیوخۆی عیراق) دا.

هەقیقەت ئەوەیە کە ئەوحکومەتە دیمکراسیێیانەی کە ئێوە بە شان باهۆیاندا هەلدەدەن نە لە رابردودا و نە ئیستەش بەهیچ جۆریك نایانەوێت ونەیان وویستووە حکومەتی عیراق بروخێنن. توندترین وتورەترین هەلویستی ئەم لایەنانە بۆ لابردنی سدام حسین و دانانی سەدام حسینێکی تربووە، کەئەمە جگە لەگۆرانکاری یەکی شکلی بۆدریژە پیدان بەسیاسەتەکانی خۆیان هیچی تر نیە !

بەشیك لەم سیناریویە لە کاتیکدا کە پیلانی لیدانی عیراق بۆ ئەم ئاستە لە گورانکاریش پشت بە ستووە بە خەونی کودەتای سەربازی وبەگەر خستنەوەی توانای دیکاتۆرانەی صالحیێەکان وخەزرەجی یەکان ، ئەو خەزرەجیێەی کە ئیوە خوازیاری بەدەست هینانی پشتیوانەی حکومەتی ئەمریکان ، ئەوان دەیانەویت بکەنە قارەمانی سیناریوی لێدانی عیراق، خەزرەجی لەلای حکومەتی ئەمریکا تا ئەو شیوێنە جێگەی پشتیوانەیە کە بکریتە سمبولی حکومەتی ئایندەی عیراق نەك تاوان بارکردن ودادگای کردنی وەك یەکیك لەو تاوانبارانەی کە بەرپرسی کوشتاری هەزاران ئینسان و بێ سەروشوین کردنی سەدان هەزاری تر بووە.

دروست لە گەرماو گەرمی روخانی تالەباندا لەو کاتەنەی کە حکومەتی ئەمریکا سەرگەمی دارشتنی هەلقەی دووەمی لەشکرکێشی بوون لەژیر ناوی راوەستانەوە لەبەرامەبەر تیرۆریزمدا، عیراق کرایە دووەم کوشتارگەو هەر ئەوکاتە وەزارەتی دیفاعی ئەمریکا پیشوازی لەنووێنەری نزار خەزرەجی کرد بۆ ئەگەری لیدانی عیراق

ودواتریش ئەم پرۆسە تا ئەو شوێنە چووە پیشەوە کە نووێنەری وەزارتی دیفاعی ئەمریکا چاوی بە نزار خەزرەجی دەکەویت لە دانیمارك بۆ تاوتوێ کردنی پیلانەکانی خۆیان.

ئیستە لەخۆتان ناپرسن کە ئایا بە چ ئومیدیك و پشت بەستن بەکام لێدانەوەی دورست و لوژیکانە خواستی دادگای کردنی نزار خەزرجی دەخە نەبەر دەست ئەم حکومەتانە ؟

لەخۆتان بپرسن دادگای کردنی نزار خەرجی چ پەیوەندی یەکی بە پشتگیری کردنێ ئەم وولاتانەوە هەیە جیاواز لەوەی کە بتانەویت ئاو بەئاشی لە چاوەران هێشتنەوەی ئەو خەلکەدا بکەن و لەو زیاتر خوشخەیالیان بکەن کە ئەمریکای ئینسان دوست ودیموکرات خواز دۆستی دۆسەی کوردەو لەسایەی رەحمەتی ئەوان دەکریت ئێوەش پشکێتان پێ ببریت.

بە پیچەوانەوە میژووی دەستەلاتداری درندە تر کردنی حکومەتی بەعس بەبی پشتیوانەی ئەم حکومەتانە نەی دەتوانی ئەم ئاقارەی ئەمرۆ بگریتەبەر، ئێوە کەباس لەچەکی کۆکوژی دەکەن، ئایا تەنها بۆیەك جار لەخۆتان پرسیوە کە کێ و چ لایەنیك چەك و تەقەمەنی یەکانی بوردمانی کردنی هەلەبجەو قەلادزی حەفتاکان و بوردمانی کیمیای هەشتاکانی داوە بەم رژیمە عفریت و دیکتاتۆرە ؟ ئایا ئێوە هێرشی ئاسمانی ئەمریکاو ئینگلیز لەم چەند سالەی رابردودا بۆ سەر خەلکی عیراق کە چەند کارخانەو پردو شوێنی گشتی ویران کرا، وە یا پەلاماردانەکەی دوو سال لەمەوبەر کەچەندین قوتابخانەو خەستەخانەو دوکان و بازارو فیرگەی ویران کردو سەدان ژن ومندال وپیرو لاوبوونە قوربانی، بەرەمزی ئاشتی خوازی وئینسان دوست ئەوحکومەتانە لەقەلەم دەدەن؟ ئایا پشتگیریکردنی ئەمریکا لەفاشیزمی حکومەتی اسیرئیل رۆشنترین بەلگە نەویست نیە بۆ بە تیرۆریست لەقەلەم دانی ئەو لایەنانەی کە ئیوە یاداشتنامەی پشتگیری کردن بۆ دادگای کردنی خەزرەجی دەخەنە بەردەستیان ؟

لە کۆتایدا دەبێت ئەوەش بلیم کە بەدەر لە هەر ئیشکالیك ، ئەگەر کارەکانی تائیستەی کومیتەی هەوڵەکان بۆ داگای کردنی نزار خەزرەجی هەنگاوێکی روو لەپێش و هەلویستێکی ئینسانی و رێزدار بووبیت، ئەوا ئەم یاداشتەیان بەدەر لەویستی خۆتان تەنانەت فەلسەفەی ناوی کەمپینەکەیان دێنێتە ژیر پرسیار وهەنگاو بەهەنگاو دوریان دەخاتەوە لە ئیدعایەك کە دەیکەن بۆ هەولدان لە پیناوی بەسزا گەیاندنی سەرانی حکومەتی بەعسی فاشسیت. چونکە بۆ هەندیك لەو حیزب و لایەنانە گرنگ ئەوەیە کە لە گۆشەیەکەوە دەستیان لە دەستەلات گیرببیت جا لەگەل خەزرەجی دابیت یان سەدام حسین ، لەگەل ئەجەوی دا بیت یان، خامنەی وخەتامی ، . . . بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەگەر تەنها بۆ یەك جار بووبیت بەخۆتاندا بچنەوە با لە شانازی کردنی بەشدار بوون بۆ دادگای کردنی سەرانی بەعس دانەبرێن. کە تەنها رێگەی بە ئەنجام گەیاندی ئەم کارە لە گرەوەی هەلخرانی و هێنانە پشت سەری هەر حیزب و لایەنێکی ئینسان دۆست و گەیاندنی دەنگی ستەم لێچووانی ئەنفال و هەلەبجەیە بە بیاری گشتی جیهان و نیشان دانی جەستەی پر زامیانە وەك سەرەکی ترین دۆکیومەنت.

ئەوەی ماوە بلین لەبارەی ئەم یاداشتەوە لەبەر ئەو هۆیانەی کە ئاماژەمان پێکرد نەك هەر ئامادەی ئیمزا کردنی نین بەلکو دەوری خۆمان هەوەلدەین هەموو خۆشباوەریەك بەرامبەر بە دەولەتێکی ملهورو ئینسان کوژی وەکو ئەمریکا برەوێنینەوەو ئیمە بەپشتیوانی خەلکی ئازادیخوازو هێزو بزوتنەوە پیشکەوتوخوازەکان هەولدەدەین خەزرەجیوسەرانی تاوانباری بەعس بکێشینە پای دادگای کردن. وە داوا لەم لایەنانەش دەکەین دەست لەپیاهەلدانی ئەمریکای تاوانباران هەلگرن و بێنەپشتی ئەم خەباتەی ئێمەوە. لەمەش بەدەر جیگەی خۆیەتی کە

www.kurdistannet.org

**ئەو حیزبانەی ئینمزای خۆیان لەم یاداشتە داوە بۆ خەلکی ڕوون بکەنەوە کە لە کەیەوە ئەمریکا بووەتە لایەنگری مافی مرۆڤ و رەمزی ئینسانی دۆستی بەدیهێنەری مافی چارەنووس ؟**

www.kurdistannet.org